# تاك ڕەهەندی لە بیركردنەوەدا

ئیرۆن عومەر



جیاوازی بیركردنەوەی مرۆڤەكان بەندە بە بوونی سەرچاوە و كەرەستەی بیركردنەوەی جۆراوجۆر لە ئایدیا ئایینی و سیاسی و فەلسەفی و زانستیەكان، هەرچەند ئەو سەرچاوە و كەرەستانە زۆرتر بن جیاوازیەكانیش زۆرترن ، هەرچەندە سەرچاوەكانیش دوورتر و بیٚ پەیوەندی بن لەگەڵ یەكتر جیاوازیەكان قولتر دەبن ، ئەو ولات و كۆمەڵگایانەی زۆرترین سەرچاوەی بیركردنەوەی مرۆڤەكان دەگرنەخۆ زۆرترین گۆڕانكاری و ڕووداوی كۆمەڵایەتی چۆتە ناو مێژوویانەوە ، ئەوانەش كە سەرچاوەی بیركردنەوەیان تاك ڕەهەندە(یەك ڕەگەزی بیركردنەوە بەهۆی یەك ئایین و یەك نەتەوە و یەك زمان و یەك كەلت) كەمترین ئالوگۆڕ و كەمترین جموجۆڵی كۆمەڵایەتیان تێدا هەست پێكراوە ، بەشێوەیەك نەیانتوانیوە بچنە نێو مێژووی گۆڕانكاریەكان ، ئەو تاك ڕەهەندیە لە بیركردنەوە وەك چۆن بۆ كۆمەڵگایەكی دیاریكراو بەهۆی هەڵ ومەرجێكی دیاریكراو دێتە ئارا دەكرێت بۆ تاكەكانی یەك كۆمەڵگاش لەهەل و مەرجێكی تایبەتیتر وەك خۆی و بەكەمێك جیاوازی بگەڕێتەوە ، (وەك خۆی) مەبەستم ئەوەیە تاكێكی دیاریكراو بەهەمان شێوەی كۆمەڵگایەكی دیاریكراو دەكرێت یەك سەرچاوەی ڕۆشنبیری هەبێت ، (بەكەمێك جیاوازی)یشەوە مەبەستم ئەوەیە تاك زۆر شێلگیرانەتر پابەندە بە یەك سەرچاوەی بیركردنەوە لەچاو ئەوەی لە كۆمەڵەیەكی مرۆیی ڕەچاو دەكرێت بەهۆی جیاوازی بنەما ئابووریەكانی كۆمەڵ (دەوڵەت) كە لە ئەنجامی پەیوەندی بەدەرەوەی خۆی خەسلەتێكی تایبەت وەردەگرن و ئەو تایبەتمەندی و خەسلەتانە ئەستەمە بگەنە كەسێكی ئاسایی ناو كۆمەڵگا ، نمونەی ئەوەش پەیوەندیە سیاسی و ئابووریەكانی ولاتانی سعودیە و پاكستان بە خۆرئاواوە و لەهەمانكاتدا نامۆیی و ناكۆكی مرۆڤەكانی ناو ئەو كۆمەڵگایانە بە كەلچەری نا ئیسلامی دەرەوەی خۆیان ، كۆمەڵگای ئێمە یەكێك نیە لە كۆمەڵگا تاك ڕەهەندەكان لە بواری كەلتووری و سەرچاوەكانی بیركردنەوە ، بەلاٚم پڕە لە مرۆڤی تاك ڕەهەند لە ڕۆشنبیری و بیركردنەوە ، بەشی هەرە زۆری مرۆڤەكانی ئێمە لەیەك سەرچاوە و یەك ئایدیا بەولاوە شك نابەن بۆ تێڕوانین لە دەوروبەر و ناسینی دونیا ، ئەوەی باسی دەكەین زیاتر بۆ ڕۆشنبیران و خوێندەوارەكان ڕاستە ، هەموو ئەوانەی تەنها پەیامی ئایینیان هەڵگرتووە سەرچاوەی بیركرنەوەیان یەك ڕەهەندە ئەوەیش تەنها ڕۆشنبیری ئایینیە و كەمترین ئاشنایەتیان نیە لەگەڵ سەرچاوەكانی تری میراتی فكری و فەلسەفی ، بۆ هەموو شتێك و لە بەرامبەر هەموو شتێك دا دەگەڕێنەوە بۆ دەقە ئایینیەكان و هیچ ئیعتبارێك بۆ سەرچاوەكانی تر دادنانێن ، نەك لەبەر ئەوەی لێیان تێگەیشتوون و لە ناڕاستییان دڵنیان بەڵكو لە بەرئەوەی هیچیان لیٚ نازانن و تێیان نەگەیشتوون ، ئەوانەش كە سەرچاوەی بیركردنەوەیان ئایدیۆلۆژیای حزبێكە یان دەولەتێكە كە زۆر جار نەتەوەیی یان ئایینی یان چینایەتیە بەهەمان شێوە تاك ڕەهەندانە بیر دەكەنەوە لەبارەی جیهان ، كەسێك كە تا ئاسێك ناسیۆنالیستانە بیر دەكاتەوە و تێكەلاٚوی لەگەڵ هەر پێكهاتەیەكی ئیتنیكی دیكە ڕەتدەكاتەوە هەمان شێوەی كەسی ئوسولی مرۆڤێكی لاتەریك و تاك ڕەهەندە ، كەسێكیش كە هەڵگری ئایدیایەكی دژ بە ئایینە و ئایین بە هەموو جۆرێك و بیٚ ئەوەی لیٚی تێگەیشتبیٚ ڕەت دەكاتەوە لەبەر هۆیەكی تایبەت یان كەمی هۆشیاری و هیچ ئیعتبارێك بۆ بەهێزی ڕەگە مێژووی و كۆمەڵایەتیەكانی دانانێت كە تا ئێستاش لە ئەوجی قودرەتی خۆی دایە لای كۆمەڵگاكانی ئێمە، بەهەمان شێوە لە سەنگەری تاكڕەوی دایە ، یان ئەو كەسەی پڕوپاگەندەی عەلمانیەت دەكات و پیٚی وایە عەلمانیەت

تەنها ئەوەیە کە ئایینی نەبیت ، کەچی خۆی پابەندە بە فکرێکی تری پەڕگر و بواری ئەوەی پێنادات تێکەڵاوی دنیا بیت ، لەکاتێکدا عەلمانیەت بەیەکەوە هەڵکردنی کۆی ئایدیا جیاوازەکانە بەبیٚ ئەوەی هیچیان بچنە نێو دەسەڵات و دەولەت لەسەر حیسابی ئەوانی تر . ناکرێت شتێك ڕەتکەینەوە بیٚ ئەوەی بەباشی لیٚی تێگەیشتبین ، بۆ ئەوەی بەباشیش لە شتێك تێبەگەین دەبیٚ سەرچاوەکانی بیرکرنەوە و ڕۆشنبیریمان فرە ڕەهەند بن و خۆمان نەبەستینەوە بەیەك فێرگە و بەیەك کەناڵی وەرگرتنی زانیاری لە بارەی شتەکانی دەوروبەرمان جا ئەو فێرگەیە چ فەلسەفەیەکی دیاریکراو بێت چ ئایین بێت ، چ بیرۆکەیەکی سیاسی پەڕگیر و چ زانستێکی ڕووت بێت .

18/5/2007

eron_umer@yahoo.com